**شێعرێکی سوارەی ئێلخانیزادە بۆ سمایلی شەریفزادە**

شەنگەسوار

کوا شەنگەسوار؟

کە درەوشانەوەی پەڕی سەری ئەسپی

چاوێک بخاتە بیری تلووعێ

ئەی سەرزەوی پڕوپووچ!

ئەی هەر هەناسەیەک نەفەسی دواییت!

تەرمێ ئەچێ،

ژنێ ژانی مناڵی پێیا دێ،

ئاخۆ هەموو ئەمە بوو ئەمبیست؟!

دامێنی ژینی ئادەمیزاد

هەڵناتەکێ لە مناڵ،

لە ژیانی کرچوکاڵ

دیتم کە پڕمە دێ،

من گەرمی بیر و هیوا بووم،

پڕمەی کەحێلی سواری مەریوانە؟

بێچارە خۆم!

پڕمەی گرینی گەنجی عەشیرەت بوو

ئەی سەردەمی هەموو بەرئاوەژوو!

داخێ، مەخابنێ، خەفەتێ

بۆ چاوی شینی تازەبەهار،

کوا شەنگەسوار؟

وا کەوتە بەر تەڵەزمی سماتەی غار

ئاسمان ئەوەندە خۆڵەمڕە

قاز و قورینگ تەپوتۆزاوین!

چەخماخەدانی هەوری نەزۆک

ئەستێ و بەرد و پووشوون
بە دەستی پیری لەرزۆک
ڕووخان بەداخەوە بێ قرمە
ڕووخان کۆشکی لە پۆڵا
دیواری چین و پەیکەرەی بولهەول!
ئاخۆ فرمێسکی ڕوونی دواباوەڕ
بۆ مەرگی زرێ بڕێژم
یا ڕووباری چووکی بەفیڕۆچوو؟
ئەمڕۆ هەر شەویلکە لە کارایە
دەس پیرەڵۆکی ئارەقی بەرپشتێن
دڵ هەمانەی کولووانە
سەر گڕکەتاڵە
دەمار بێ خوێن.